کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:14 14-11-2007

**دەرباز بونی کورد لە کێشەکانی ئەمڕۆی... هێور جەودەت**

کوردستان بەدەست کێشەی زۆرەوە ئەنالێنێت، بەلام ئەوەی کە ڕەش بینمان ناکات ئەوەیە کە خەڵکی دڵسۆزی ناو حکومەت ورۆشنبیران ودەسەلاتداران دەتوانن چارەسەری ئەم کێشانە بکەن و بتوانین لە قەیرانەکاندا دەرباز بین، من لێرەدا ئەو قەیرانانە بەم شێوەیە دەخەمە ڕوو:

1-کێشەی نیشتەجێبون وکرێ لەکوردستان بەگشتی.

2-کێشەی ڕێگاوبان وجاددەو کۆڵان وشۆستەو پردەکان. لەناو شارەکاندا و لەگەڵ دەرەوەی شارەکانیشدا.

3-کێشەی دۆزینەوەی کار بۆ گەنجانی دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان.

4-کێشەی کارەبا.

5-کێشەی گرانی بازاڕ بەناوی بازاری ئازاد کە بەداخەوە بازاڕی بەرەڵاییە نەك ئازاد.

6-کێشەی گەندەڵی.

هەموو کێشەو قەیرانانە زۆر ئاسان چارەسەر دەکرێن لەبەر سێ هۆ:

1-کوردستان پارەیەکی زۆری هەیە. بەرادەیەك کە دەوڵەتێکی هەرە دەوڵەمەندی ئەوروپا ئەو داهاتە هەمەلایەنەی ناوخۆو دەرەوەی نیە بەو شێوەیەی کوردستان.

2-بێکارت گەلێك زۆرە، کە دەتوانن هەموو ئەو کارانە بکەن. بەتایبەت خەڵکی شارەزاو بڕوانامەو ئەندازیارو... هتد، .

3-بونی ڕێگا وشێوازی زۆر بۆ هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان.

بەداخەوە حزبە دەسەلاتدارەکان بەردەوام خەڵکی کوردستان برسی دەکەن وهەموو پارەو داهاتیان لە چنگی خۆیان گیرکرووە، ئەمەش هۆکاری گەندەڵی ودەیان کێشەی ترە کە ئەمڕۆ لەکوردستان هەیە.

بۆیە بەناوی عەلمانی وئیسلامی وشەڕی فکری ڕۆژ نیە ئەتکی تاکی ئەم کۆمەڵگایە نەکرێت ولە خەفەتان ڕێگای هاتونەهاتی ئەوروپا وقاچاخ نەگرێ. ئەم شەوانە گوێم لەوتاری مەلایەك بوو لە یەکێك لە تەلەفزیۆنیە ئیسلامیەکان دەیگوت: شەرەف وناموس نەماوە بۆیە کۆمەڵگای کوردی وای لێهاتووە، بەداخەوەم بۆ ئەو هەموو گەمژەیەی ئەو مەلایانەی بەم جۆرە بیر دەکەنەوە لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ مەلا بەرێزەکانی کوردستان وئاینی پیرۆزی ئیسلام. بەلام ئیسلامیەکان بەس بەژن ئەوێرن ودەیانەوێت ژنا حیجاب بن بەسە، ئەوەی تر خوای ئەکرد ئەم کۆمەڵگایە مافیا بەرێوەی ئەبرد. تۆ وەرە هەر بۆ تاقی کردنەوە ڕێگا لەدروست کردنی مزگەوتێك بگرە لەناو کۆڵان وگەڕەکێك، ئینجا بزانە چۆن کوردستانت لێ دەکەن بە کونە مشك وهەزاران فەتوات لەدژ دەردەکەن، ئەو لەکاتێکدا کورد پێویستی بە مزگەوت نیە، بەلام گەندەڵی و کێشەی نیشتەجێ بون وجاددەو ڕێگا وبان ئەوە فزە ناکەن، حیزبە عیلمانی ودەسەلاتدارەکانیش لەبەر دیکتاتۆریەت وکوشتنی کەسایەتی یەکتر هیچیان بەسەر هیچەوە نەماوە، بەلام من ڕەش بین نیم، پێم وایە ئەو کێشانەی سەرەوە مایەی چارەسەرکردنن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.